**هەواڵی ڕۆژنامەوانی**

**بڵاوکراوە لە کانونی یەکەم /2015**

## ئەنجامی ڕوپێوی کانزاسازی وکانگاکان( التعدين والقالع ) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2014

**کانگاکان :بریتیە لەهەموو ئەوهەلکولینانەی کەوا ئادەمیزاد دەیکات لەسەر روی زەوی بەمەبەستی دەرهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی ژێرزەوەی وەك (بەردو چەو ولم وردە بەردوتێکەلە ) وە کانگاکان گەلێك جۆریان هەیە وەك :**

**1- چەوولم 2- تێکەلە 3- خۆلی کەرپوچ 4- سەرە بەرد 5-بەردی موزائیك 6-بەردی گەچ 7- بەردی کلس**

**لەم خشتەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا : -**

**1- ژمارەی کانگاکان :لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 بە شێوەیەکی بە رچاو لە گەشە سەندن و زیاد بون دایە بە بەراورد بە ساڵی 2009، کە ساڵی 2009 تەنها ( 251 ) کانگا بوە و لە ساڵی 2014 گەیشتوتە( 487 )کانگا .**

**2- ژمارەی کرێکارەکان : بەهەمان شێوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە کە لە ساڵی 2014 گەیشتوتە ( 4333 ) کرێکار بە بەراورد بە ساڵی 2009 کەتەنها( 2129 ) کرێکار لەم کانگانە کاریان کردوە .**

**3- کرێی پێدراو بەکرێکاران بە (ملیۆن دینار ) : ئەم بڕگەیەش بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە هەروەکو لە خشتەکەدا بە دیاردەکەوێت کە لە ساڵی 2014 گەیشتبوە ( 24758 ) ملیۆن دینار بە بەراورد بە ساڵی 2009 کە تەنها ( 8066 ) ملیۆن دینار بوو .**

**4- بەرهەمی کانگاکان بە (ملیۆن دینار ): بە هەمان شێوەی بڕگەکانی سەرەوە بەرهەمی کانگاکانیش لە ساڵی 2014زۆر زیادی کردوە کە لەساڵی 2014بەهای بەرهەمی کانگاکان گەیشتبوە ( 155927 ) ملیۆن دینار بە بەراورد بە ساڵی 2009 کەتەنها ( 71358 ) ملیۆن دینار بوو .**

**بەراوردکردنی نیشاندەرە سەرەکیەکان لە ڕوپێوی کانگاکانی کەرتی تایبەت لە نێوان ساڵانی 2009و 2014**

| نیشاندەرەکان | ئەنجامی ڕوپێوی ساڵی 2009 | ئەنجامی ڕوپێوی ساڵی 2014 |
|---|---|---|
| ژمارەی کانگاکان | 251 | 487 |
| ژمارەی کرێکاران | 2129 | 4333 |
| کرێی پێدراو بەکرێکاران بە (ملیۆن دینار ) | 8066 | 24758 |
| کۆی بەهای بەرهەم (ملیۆن دینار ) | 71358 | 155927 |
| بەهای پێداویستیەکان | 28829 | 74625 |
| ناوەندی کرێی ساڵانەی کرێکار (ملیون دینار ) | 4,3 | 5,9 |

*بۆزانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:*
*تەلەفۆن: 00964(0)662559170*
*ئیمێل: contact@krso.gov.krd*
*ماڵپەر: www.krso.gov.krd*

زنجیرە 34